ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ناشیرین کردنی وێنەی کورد لە هەندەراندا هونەرە!

فاضل قەرەداغی

ڕێگای یەکبوون ، ٧٠، ١٠/٧/٢٠٠٠،ل ٥

ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە بیانەوێت وێنەی کورد ناشیرین بکەن کەم کەس گوێیان بۆ دەگرن چونکە لە دوای ڕاپەڕینەوە کورد وەکو نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو ناوی دەرکردووە. بەم شێوەیە کەس بەلای مریشکەکەی پەندە کوردییەکە نایەت تا خۆڵی بەسەردا بکات.

لە ناو هەموو میللەتێکیشدا زیندەوەری وا هەن ناوی مرۆڤ لە خۆیان دەنێن بەڵام عەقڵیان هێندەی قەبارەی عەقڵی مریشکە دەبێت چاوەڕێ بکەین ناشیرین کردنی وێنەی کورد وەستان بە خۆوە نەبینێت، ئەمجارە لەسەر دەستی ئەو زیندەوەرانە.

جەنگە ئیعلامییەکەی عەلمانییەکان دژ بەئیسلامییەکان زیانی بۆ هەردوو لا هەیە. بۆ ئیسلامییەکان: چونکە درۆ شاخدارەکان وێنەیان لای خەڵك ناشیرین دەکەن، ئەوە ئەمڕۆ، سبەینێش زیان بە عەلمانییەکان دەگات کاتێك مصداقییەتیان لە ناو جەماوەردا بۆ نامێنێت ئەویش بە هۆی هەمان ئەو درۆ شاخدارانەوە.

زیانی گەورەتر لەوەدایە کە ئەو درۆیانە ڕەوانەی دەرەوە بکرێن و تەنها ئیسلامییەکان پێی ناشیرین نابن بەڵکو سەرجەم خەڵکەکە. ئەگەر بۆ نموونە عەلمانییەکان بڵێن ئیسلامییەکان هانی خەڵکی ناوبازاڕ دەدەن هوها لە ئافرەتانی جل کورت بکەن کابرای ڕۆژئاوا دەڵێت، ئیسلامییەکان درندەن بەڵام جەماوەرەکە بێ عەقڵە. ئەگەر ئیسلامییەکان تەشەنەیان کردبێت و کوردستانین کردبێتە دۆزەخ کابرا وەڵام دەداتەوە: دیارە میللەتەکە شایستەی ئەوەن چونکە ئەو ژمارەیە شوێنیان کەوتوون.

ئەگەر بوترێت ژنان بە دابونەریتی کۆنەپەرستانە دەکوژرێن کابرا دەڵێت کەواتە کورد ژنکوژە.

عەلمانییەکان بەو جەنگە ئعلامییەی ڕەوانەی هەندەرانی دەکەن کوردستان وەکو لانەیەکی توندڕەوی و ئیرهاب پیشان دەدەن و بەم کردەوەیە تەنانەت وێنەی خۆیان ناشیرین دەبێت ئەویش لە هەردوو حاڵەتەکەدا: ئەگەر باوەڕیان پێ بکرێت (ئەی ئەوان بەشێك نین لەو میللەتە دڕندەیە؟) و ئەگەر باوەڕشیان پێ نەکرێت (چونکە مصداقیەتی خۆیان لە دەست دەدەن و بە درۆزن ناو دەبرێن). ئەمانە هیچی لایان گرنگ نییە؛ گرنگ ئەوەیە ئیسلامییەکان ناشیرین بکەن.

## نرخی چوون بۆ هەندەران

هەندێك لەمانە ئاواتێکی بچووکتریان هەیە؛ چوون بۆ ئەورووپا و وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی ، پەنابەری سیاسیش مافی زۆترو مسۆگەرترە لە پەنابەری ئینسانی، باشترین ڕێکەش بۆ دەستکەوتنی پەنابەرێتیی

سیاسیش بە (٢٥) دینار لە بازاڕی پاسپۆرتدا دەست دەکەوێت ئەویش تەزویرکردنی هەڕەشەنامەیەك بە ناوی حزبێکی ئیسلامییەوە.

کەسانی تر هەن رۆشنبیرانەتر هەوڵی خۆیان دەدەن. شتێك لەسەر ئیسلام و ئیسلامییەکان دەنووسن و لەگەڵ وێنەیەکی خۆیاندا بڵاوی دەکەنەوە و دیکەنە بەڵگە لەسەر هەڕەشە لە ژیانی خۆیان. ئەگەر ئەمەش نەکرێت وتەیەك بە بەڵگە دەهێننەوە کە چەند تەئویلێك هەڵدەگرێت وەکو بۆ نموونە (نابێت رێگە بەو بێ ئەدەبییە بەرامبەر ئیسلام بدرێت) و تەئویلی ئەوەی پێ دەدرێت کە ئەمە هەڕەشەی کوشتنە.

ئەگەر نەخشەکەش سەر بگرێت کابرا دەگاتە هەندەران و رەنگە لە خانەیەکی پەککەوتاندا کارێکی دەست دەکەوێت و لە خزمەتی پیرەژنێکی ئەورووپایی دەبێت هەمووشی لەسەر حسابی سومعەی میللەتەکەی. ئەوە ئەگەر باوەڕی پێ بکرێت، ئەگەر باوەڕیشی پێ نەکرێت وەڵامی(درۆ) بۆ داواکەی دێتەوە وەك چۆن وەڵامی وا بۆ ژمارەیەك کورد هاتۆتەوەو ئەم کارەش دیسان بووە مایەی ناشیرین کردنی ناوی کورد بەوەی درۆ دەکەن.

## ئەفسانەی کوشتنی ٥٠٠٠ ئافرەت

کورد چی دەست دەکەوێت ئەگەر لە هەندەراندا ئەوە بڵاو بکرێتەوە کە لە کوردستان ئافرەت قڕانە؟ لەکەدارکردنی ئیسلام و ئیسلامییەکان بەو تاوانە هیچی لێ سەوز نابێت غەیری ناشیرین کردنی کورد خۆی چونکە ئەو ئیسلامییانە خەڵکی ئەم وڵاتەن و زڕاندنی ناویان بە زڕاندنی ناوی هەموو کورد کۆتایی پێ دێت.

عەلمانییەکان ئەم هەوڵانە بۆ لەکەدارکردنی ئیسلام و ئیسلامییەکان بڵاودەکەنەوە، مانعیش نییە ئەگەر لەم پێناوەدا درۆی شاخدار بکرێن.

درۆیەکیش لەمانە ئەو قسەیەیە کە گوایە (٥٠٠٠) ئافرەت لە کوردستاندا کوژراون. سەرەتا دیارە ئەم جۆرە ژمارانە لەسەر وەزن و قافیەی پێنج هەزار قوربانییەکەی کارەساتی هەڵەبجەیە. ئەوانەش کە رەواج بەم ژمارەیە دەدەن ئەوانەن کە خۆیان کردۆتە قسەکەر بە ناوی کوردەوە و لە راستیدا ئابڕووبەرەی کوردن، لێرەدا ئامارێکم لە بەردەستدایە بە ناوی ئەو ئافرەتانەی لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانیو کەرکووك و هەولێر، لە نێوان ١٩٩٦ تا ١٩٩٩ خۆیان کوشتووە یان کوژراون و وا پێ دەچێت ئامارەکە یەکێتی ژنانی کوردستان پێی ئەنجامی بێت.

دەزانن ژمارەی ئەو ئافرەتانە چەندە؟ ژمارەکەیان (١٩٩) ئافرەتە واتە لەکەمیدا لەگەڵ ژمارەکەی سەرەوە بەراورد ناکرێت. ژمارەکە ئەوەندە کەمە هێشتا ناگاتە ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی دەنگیان بۆ ئەو قسەکەرانە بە ناوی گەلی کورد دابوو و کە نەدەگەشتە (٢٣٠)کەس. بەڵێ: ئەمان وەکو چۆن موبالەغە لە ژمارەی خۆیان و ئەوانەی پشتگیرییان دەکەن وەهاش موبالەغە لە ژمارەکانی دیکە دەکەن.

با ئێستاش ماتماتیك بخەینە کارو بپرسین: (١٩٩)ئافرەت لە ماوەی چوار ساڵدا کوژراون، ئەی دەبێت لە پاش راپەڕینەوە تا ئێستا کە نزیکەی دە ساڵە چەند ئافرەت کوژراو بن؟ ئەگەر رێژەکە وەربگرین وەڵامەکە ئەمەیە (١٩٩×١٠ )÷ ٤=٥ر٤٩٧ بابڵێین (٥٠٠) ئافرەت واتە ژمارەکە دەیەکی ئەو ژمارەی سەرەوەیە بەڵام با پەلە نەکەین: کاتێك ژمارەی(٥٠٠٠) ئافرەتەکە دەهێنرێت باس لە (کوشتن) دەکرێت، ئامارەکەی سەرەوەش هەموو شێوە مردنەکانی تێکەڵ کردووە. ژمارەی ئەوانەی کوژراویشن لە راستیدا تەنها (٧٣) ئافرەتە ئەویش بە دەرکردنی (٢٥) حاڵەتی خۆکوشتن و(٣٠)قەزاوقەدەرو (٧١)هۆی نەزانراوە، واتە پێویستە حسابەکەمان راست بکەینەوە: (٧٣×١٠)÷٤=٥ر١٨٢ ئافرەت لە ماوەی دە ساڵدا.

ئەوەش ماوە بڵێین کە لە ناو ئەو (١٩٩) ئافرەتە (١١) دانەیان نووسراوە کە بکوژەکانیان سەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، ئافرەتانی تریش هەن جگە لەم (١١) دانەیە و ئاماژەیان پێ نەکراوە بەڵام قبووڵمانە، ئەمەش لە کاتێکدا پێنج تاوان خراونەتە پاڵ ئیسلامی، ئەوپێنج تاوانەش راست بن یان نا رێژەکە پێنج بە یانزەیە؛ هەر قبووڵمانە!

وەك پشتیوانییەك بۆ ئەم ژمارانە سەرژمێرییەکی کارەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان هەیەو تیایدا (٤٣) رووداو لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا باس کراوە (لە ١٩٩٩/١١/١٣ تاکو ٢٠٠٠/١/١٢) بەلام تەنها پێنج رووداویان کوشتنەو ئەوانەی تر سووتانن (بڕوانە رۆژنامەی یەکسانی . ژمارە ٤٠لە٢٠٠٠/٢/٢٠). ئەگەر رێژە بۆ ئەمەش وەربگرین: (٥×١٢)÷٢=٣٠ ئافرەت لە یەك ساڵدا کوژراون، لە دەساڵیشدا دەکاتە (٣٠٠) حاڵەت. هەر نەگەیشتینە ژمارەی (٥٠٠٠).

حسابێکی تر: لە٢٠٠٠/٢/٢٢ تا ٢٠٠٠/٣/٢٦ یانزە رووداو تۆمار کراون یەکێکیان کوشتن بوو *(رۆژنامەی یەکسانی ژمارە ٤٢ لە ٢٠٠٠/٤/١١)*

پاش هەمان حسابیش لە ماوەی دە ساڵەکەدا (١٢٠) کوشتن هەیە واتە لە ژمارەکەی سەرەوە کەمتر.

سەرەڕای هەموو ئەمەش ئافرەتە ئەندامێکی ئەو حزبە پێنج سەد کەسییە نامە بۆ (بڕیاردەری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان) دەنێرێت و دەڵێت (بەپێی ئامارێك کە لەبەر دەستی رۆژنامەکە و رێکخراوەکەماندایە زیاتر لە ٥٠٠٠ ژن تیرۆر کراوە لە ساڵی ١٩٩١ەوە)لەبەر ئەوەش کە ئەمە راست نییەو هیچ ئامارێکی وا نییە دەبینین هاوپێچ لەگەڵ ئەو نامەیەدا نوسخەی ئامارەکەی بۆ کابرا نەناردووە بەڵکو ئەمانەی ناردووە:

١-نامیلکەیەك بە ناوی (هاوارێك لە کوردستانەوە).

٢- نامیلکەی ژیانەوە.

٣- چەند ژمارەیەکی یەکسانی.

*(بڕوانە رۆژنامەی یەکسانی ژمارە (٤٣) لە (٢٠٠٠/٦/٣)لاپەڕە١ ).*

واتە لە جیاتی ئامارەکە چەند بلاوکراوەیەکی دیعایی بۆ کابرا ناردووە وەك بڵێیت بیەوێت کابرا بخڵەتێنێت هەر وەك چۆن ویستویەتی جەماوەری کوردستان بخڵەتێنێت.

کابرای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکیدا ئاماژەی بە تیرۆری ئافرەتان لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف لە تورکیا و ئوردون و پاکستان و ئەفغانستان کردووە ئافرەتەکەی لای خۆشمان ئاماژە بەو ئاماژەیە دەدات و دەڵێت لەکوردستاندا هەمان کێشە هەیە، بە وتەیەکی تر ئەو وڵاتانە دڕندەن ، پێویستە کوردستانیش بخرێتە ریزی ئەو وڵاتە دڕندانە، بەڵکو کورد دڕندەترە چونکە ئەگەر بۆ نموونە لە ئوردوندا ساڵانە ٢٥-٣٠ ئافرەت بکوژرێن (ئەمجارەش بڕوانە رۆژنامەی یەکسانی ژمارە٣٦ لە ١٩٩٩/٨/٢١)ئەوا کورد ساڵانە پێنج سەد ئافرەت دەکوژێت.